# با جارێکی دیکە بە دامەزراندنی دەوڵەتی عێراق دابچینەوە
# بزووتنەوەی دوو نەتەوە سەرەکییەکە
# ئامانجی جیاوازیان هەبووە

سەرۆ قادر

بەشی دووەم ..... بۆ بینینی بەشی یەکەم کلیکی ئێرە بکە.

پێش ئەوەی دەوڵەتی عێراق دابمەزرێ، بزووتنەوەی رزگاریخوازی کوردستان گەیشتبووە ئاستێکی بەرز لە گەلاڵەکردنی خواستەکانی. دوای سەرکوتکردنی شۆڕشی شێخ عوبەیدوڵای نەهری، هەوڵوتەقەلاکانی سەرکردەی بزووتنەوەی کوردان شێخ عەبدلسەلام بارزانی بە ئاشکرا بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستان بوو کە تێکڕای خاکی کوردستانی دەگرتەوە. شێخی بارزان ئەم نیازەی لە سەدری بەرنامەکانی شۆڕشی خۆی دانابوو، لە پەیوەندی کردن بە کاربەدەستانی رووس و گەڕیدەکانی بریتانیدا لەسەر ئەو بنەمایە کاری دەکرد. بەلام چونکە دامەزراندنی دەوڵەت بۆ کوردان لەناو بەرنامەی بەرژەوەندییەکانی ئینگلیزدا نەبوو بۆیە لە دابەشینەوەی میراتی عوسمانیەکاندا کوردیان وەك غەنیمەت پارچە پارچە کرد.

کاتێك بریتانیا دەوڵەتی عێراقی دامەزراند، لەناو سنووری جوگرافی ئەو دەوڵەتە تازەیەدا کەسێکی عارەبیان دەستنەکەوت هەڵگری فکری ناسیونالیستی بێ و لەو پرۆژەیاندا هاوکاریان بکات. بەلام چونکە دەبوا ئەو کارەیان سەربگرێ چوون لە ئوردون شازادەیەکی دەسکردی خۆیان هێناو کردیان بە مەلیکی عێراق. سیاسەتی ئینگلیز وابوو کە لە هەمان کاتدا شەڕی بۆ چەسپاندنی مەلیکێکی دەرەکی عەرەب دەکرد، بە سوپای لیڤی و تەیارەکانی، جەنگی شۆڕشگێڕێکی دیکەی دەکرد کە دەیەویست مەلیکی دەوڵەتی کوردستان بێت ئەویش شێخ مەحمودی حەفید بوو. سیاسەتی زاڵمانەی ئەوکات ئاواهابوو یەکێك بێنن بە مەلیکیس بکەن کە هیچ کەس تەیدی نەدەکرد، لەتەك ئەودا مەلیکێك لەسەر تەخت لابدەن کە هەموو میللەتەکەی لەپشتی بوو، دەبوا لە دوای مقاوەمەتێکی بێ وێنە بە ئەسیری و برینداری لە بازیانەوە بۆ هیندستان دووری بخەنەوە.

هەر لەوکاتدا شێخ ئەحمەدی بارزان سەرکردایەتی بەردەوامیی شۆڕشەکانی بارزانی دەکرد. سیاسەتی ئینگلیز لە کرهاندن و لەبەرچاو نەگرتنی کوردو مافەکانی لەناو بیرەوەری و نووسینەکانی کاربەدەستانیان لە کوردستان، بەتایبەتی لە هەڵویستیاندا بەرامبەر شێخ ئەحمەد دەردەکەوێ.

بریتانیا توانی هەموو عێراقی عەرەبی بۆ مەلیکی ئوردونی کۆنترۆل بکات و هێدی هێدی تۆتکەی پێبکات، لێ نەیتوانی بۆ ماوەیەکی کورتیش کوردستان ئارام بکاتەوە. شۆڕش کەوتە دەستی سەرکردەیەك کەوا گۆڕانکارییەکی چۆنایەتی لە شێوەو ناوەرۆکی بزووتنەوەی رزگاریخوازی کورداندا کرد ئەویش مستەفا بارزانی نەمر بوو. چۆنیەتی ژیان و ئێش و ئازارەکانی کورد لەناو دەوڵەتی عێراقدا لە مێژووی خەبات و بەرخودەدانی بارزانی دا خۆ دەنوێنێ. بەدرێژایی مێژووی عێراق کورد مانگێکی بەبێ جیاوازی و سوکایەتی و راگواستن و کاول کردنی گوندو شارەکانی و تواندنەوەو کۆکوژی نەبردەسەر. ئەگەر مێژوونووسان و دۆستانی میللەتەکەمان هەڵوێست و کردەوەکانی بارزانی نەمر بە سەرووی تاقەتی مرۆڤ دادەنێن و لە سنووری ئەفسانە نزیکیدەخەنەوە، ئەوە لەبارترین دەربڕین دەخەنە پاڵ ژیان و خۆڕاگری کوردان.

یەکێك لە رووە تایبەتییەکانی شۆڕشی کوردان لە قۆناغی ئەیلولدا گفتوگۆی رووبەڕووی نێوان سەرکردایەتی بزووتنەوەی رزگاریخوازی کوردستان و حکومەتی عێراق بوو. لەوکاتەوە تا دەگاتە دوا خولەکانی مفاوەزات لەگەڵ حکومەتی سەدام حوسێن، سەرکردایەتی کورد وەك تەرەفێکی جیا لە دەوڵەتی عێراق دەکەوتە بەرامبەر سەرکردەکانی عێراق و خواستەکانی هە میللەتێکی داگیرکراو بوو ئاراستەی حکومەتێکی داگیرکاری دەکرد. هەرکاتێکیش لایەنی هەرەکەم نەهاتبایەدی ئەوە پاشەکشەیان لە گفتوگۆ دەکرد و پەرەیان بە مقاوەمەت دەدا.

لاباڵە جیاجیاکانی ناسیۆنالیستی عەرەب بە نۆبە گشتیان هاتنە سەر دەسەلات، بەلام هیچکامیان لەوەی پێشوو بەرامبەر بە کورد باشتر نەبوون. جابۆیە ئەو زوڵمەی هەر لە سەرەتای دامەزرانی عێراقەوە بە دەستی حکومەتی ئەم وڵاتە دەرهەق بە کوردستان

پەیڕەو کراوە، ناسیۆنالیزمی عەرەبی عێراق لێی بەرپرسیارەو بە قەناعەتی خۆیان بۆ هێشتنەوەی (شمال الحبیب) بەسەر خاکی عێراقەوە کردوویانە. وەك دیاریشە زجیرەی رادەی توندوتیژیی لە کوردستاندا قۆناغ بە قۆناغ یەك لەوەی پێشوو دەسترشتر بووە. کەواتە هەر لاباڵە کە فەرمانی کەوتۆتە دەست لەوەی پێشخۆی تێپەڕاندووە. وەك دیاریشە حزبی بەعس گەیشتە لوتکەی دەربڕینی ناسیۆنالیستی و هەموو لاباڵەکانی دیکە بە کردەوە مەیدانیان بۆ چۆڵ کرد. ئالێرەوە دەتوانین ئێمەی کورد وایحساب بکەین کە لەم هەڵوێستەدا هەموو موافقی سیاسەتی بەعس دە کوردستاندا بوون. تەنانەت ئەو بەشە ئۆپۆزیسیۆنە عەرەبیەی لە کوردستانیش داڵدە دەدران هیچیان لە جەوهەردا سەبارەت بە دۆزی کوردستان، سنووری باوەڕەکانی بەعسیان نەدەبەزاند.

ئەم تەجرەبە تاڵەی مێژووی هابەش هەق بە کورد دەدات کە روانگای ناسیۆنالیزمی عەرەبان بۆ چارەسەری کێشەکەی خۆی قبوڵ نەکات و لایەنی نێودەوڵەتی بخاتە ناوبژیوانەوە. غەدرێکی گەورە لەخۆمان دەکەین ئەگەر وابزانین (ئێمەی عێراقی) بۆخۆمان دەگەینە ئەنجامێکی باش. ئێمە دوو میللەتین لە هەموو بەرژوەندیەکانمان لێکجیاوازین. ئەم هاوکێشەیە تا ئەوکاتە راستە کە بنەمای دامەزرانی عێراق وەك کۆن بەردەوام بێت.

هەرکاتێك حکومەتێکی عێراق دەرەقەتی شۆڕشی کوردستان نەهاتبێ ئەوە راستەوخۆ تەنازولی بۆ ولاتانی بیانی بردووە و بۆ سەرکوتکردنی کوردان یارمەتی لێخواستون: ئەوەی حکومەتی عارفەکان لە ساڵی١٩٦٣ کردیان و هاوکایان لە سوریا خواست، لە ساڵی ١٩٧٥ بەعس تەنازولی لە خاکی دێرینەی عەرەبان بۆ ئێران کرد تاکو لە شۆڕشی ئەیلول بدات. هەر ئەوان لە سەرەتای هەشتاکانی سەدەی رابردوو تەنازولیان بۆ تورکیا کرد تاکو شۆڕشی گولان لاواز بکات.

کوردیش لەلای خۆیەوە ناچار دەبوو پەنا بۆ هاوکاری گرتن لە ولاتانی دەوروبەر، ئەوجا ئەمریکاو ئیسرائیل و ئەوروپا سیاسەت بەکاربێنێ. تا گەیشتە ئەم رۆژگارە کە کورد بە هاوکاری نێودەوڵەتی حکومەتێك دامەزرێنێ و دواجار لە ساڵی ٢٠٠٣دا بووە هاوپەیمانی ئەمریکاو بریتانیا بۆ روخاندنی دەوڵەتی عێراق. ئێستاش کورد لەگەڵ ئەمریکا روانگای هاوبەشیان بۆ گۆڕنکاریەکان هەیە کەچی عەرەب لە دژیانن.

ئەوەی شایانی باسە نابێ باوەڕ بە ئەمریکا بکرێ کە وەك ئێمە سەیری داهاتووی دەوڵەتی عێراق بکەن. ئەوان خوایان لە بەرژەوەندیەکانیان دایە و لە کێشەی نەتەوەیی تێناگەن. بۆیە دەبێ تەجرەبەو روانگای خۆمانیان تێبگەیەنین و بزانن کە بستێك پاشەکشەی لێناکەین.

خەڵکی کوردستانیش نابێ واتێبگەن هەموو شتێك کۆتایی هاتووەو هیچ هەڕشەیەك بەسەمانەوە نەماوە. ئێستا هەڕەشەی سەرەکی تێنەگەیشتنی ئەمریکایە، هەڵبەت ئەگەر ئەو ولاتە وابزانێ دیموکراسی رووت کوردان قانیع دەکات.

ئەمە باسێکە لەسەری دەوەستین.

تێبینی کوردستان نێت:

ئەم نووسینە بیروبۆچونی خاوەنەکەیەت، کوردستان نێت لە ناوەڕۆکەکەی بەرپرسیار نییە.

www.kurdistannet.org کوردستان نێت